# ئەی پێغەمبەری خودا، هاوسەرگیریم لەگەڵ ئافرەتێکدا کرد، فەرمووی: چەندێکت پێی بەخشی وەکو مارەیی؟، ووتی: هێندەی کێشی ناوکە خورمایەک لە ئاڵتون، فەرمووی: خوای گەورە بەرەکەت وپیرۆزیت پێ ببەخشێت، وەلیمە ئەنجامبدە ئەگەر تەنانەت بە مەڕێکیش بێت

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- (دەڵێت): پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- عبدالرحمانی کوڕی عەوفی بینی، وشوێنەواری زەعفەران بە لاشەیەوە بوو، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئەمە چییە؟». ئەویش ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، هاوسەرگیریم لەگەڵ ئافرەتێکدا کرد، فەرمووی: «چەندێکت پێی بەخشی وەکو مارەیی؟»، ووتی: هێندەی کێشی ناوکە خورمایەک لە ئاڵتون*، فەرمووی: «خوای گەورە بەرەکەت وپیرۆزیت پێ ببەخشێت، وەلیمە** ئەنجامبدە ئەگەر تەنانەت بە مەڕێکیش بێت». *(کێشی ناوکە خورمایەک لە ئاڵتون: پێوەرێکی ئەو سەردەمە بوو بۆ کێشانی ئاڵتون، پێنج درهەم (دەکات)، **(وەلیمە: ئەو خواردنەوەیە بەهۆی هاوسەرگیرییەوە ئامادە دەکرێت، وخەڵکی داوەت دەکرێت
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- شوێنەواری زەعفەرانی بینی لەسەر جلەکانی عبدالرحمانی کوڕی عەوف، ودەبێت پیاوان بۆنێک لە خۆیان بدەن کە بۆن بکرێت وشوێنەواری دیار نەبێت، بەڵام زەعفەران بە پێچەوانەوەیە، بۆیە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وەکو -ئینکاری کردنێک- لەسەر ئەمە پرسیاری لێیکرد، ئەویش ووتی: تازە هاوسەرگیری کردووە، لەوەیە شوێنەواری هاوسەرەکەی بێت بەسەر جلەکانیەوە مابێت. چونکە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- بەسۆز وبەزەیی بوو، وبەردەوام سەبارەت بە حاڵی هاوەڵان پرسیاری دەکرد، بۆئەوەی هانیان بدات لەسەر چاکە ونەهیان لێبکات لە شتی ناشیرین وخراپ، پرسیاری کرد سەبارەت بە مارەیی ئەم هاوسەرگیرییە. ئەویش (عبدالرحمان) ووتی: مارەییەکەی هێندەی کێشی ناوکە خورمایەک لە ئاڵتون* بوو مارەییەکەی. پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نزای بۆی کرد بەوەی خودا ژیانی پیرۆزی وبەرەکەت بکات، وفەرمانی پێیکرد بەوەی وەلیمە** ئەنجامبدات ئەگەر بە سەربڕینی مەڕێکیش بێت. *(کێشی ناوکە خورمایەک لە ئاڵتون: پێوەرێکی ئەو سەردەمە بوو بۆ کێشانی ئاڵتون، پێنج درهەم دەکات)، **(وەلیمە: ئەو خواردنەوەیە بەهۆی هاوسەرگیرییەوە ئامادە دەکرێت، وخەڵکی داوەت دەکرێت)